شیعری نوێی فارسی

# ڕێگا

موحسین حسەینخانی*
لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی
(تاران)



لەناو مندا دانەنیشتیت...!

هەندێ جار بیر لە کۆترێک دەکەمەوە
بە باڵەکانی ئاسمانی بە زەوییەوە دووری
چەند وشەیەک بە پێیەوە بەسترابوون
ڕێگاکانیان
نیشان دەدا
کاتێ شوێنی مەبەست ڕوون نەبێت
دەمی هیچ نامەیەکی عاشقانە
بە هیچ ماچێک داناخرێت

لە ناو مندا دانەنیشتیت...!
منیش
چاوەکانم
لە پەنای هەموو پەنجەرەکانی شاردا
بەجێ هێشتووە.

## شەڕ

شەڕ واتە:
گوڵی ئەو عەزیزییانەی
بە چەک درەو دەکرێن
قیژەی ئەو کراسانەی
بە زۆر
لەبەر دادەکەندرێن
پاشماوەی پرچی کچێک بە دەستی چەند
سەربازێکەوە
دایکێک
منداڵەکەی بۆنی دوژمن دەدات

لە شەڕدا
پیاوان یەکجار دەکوژرێن
ژنەکان
هەزار جار

**ماندوویەتی**

بۆ هەر شەقامێک و
هەر مرۆڤێک
ناوێکیان داناوە...

مرۆڤەکان ماندوو دەبن
لە ناوە دووبارەکان
مستیان بەرزدەکەنەوە و
دەڕۆنە شەقامەکان
کەسانێکی تر
یاری بە ناوی مرۆڤە ماندووەکانەوە دەکەن و
هەریەک کە دەکوژرێت
شەقامێک بەناوییەوە دەکەن و
یارییەکە کۆتایی دێت
مرۆڤە ماندووەکان
دەگەڕێنەوە بۆماڵەوە
مرۆڤەکانی تر
دەگەڕێنەوە پشت پەردەکان.

**تەنیایی**

گەر دیوارەکان
شێ دەربکەن
باسی پیاوێک دەکەن
هەموو ڕۆژێ
لاپەڕەی یەکەمی ناسنامەکەی
کۆپی دەکات

تا بڵێت:
تەنیایی
هەست نییە!
تەنیایی
واقعییەتە!

دەتوانیت ئەلبوومەکەت بکەیتەوە و
سەیری ئەو دەستانە بکەیت کە کراونەتە ملت
باوکت لە پەناتدا وەستاوەو دەستی کردوەتە ملت
تا بڵێت:
وەک چیا لە پشتتە
دایکت لە پەناتدا وەستاوە و دەستی کردووەتە
ملت
تا بڵێت:
خۆشی دەوێیت
هاوڕێکەت لە پەناتدا وەستاوە و دەستی کردووەتە
ملت
تا بڵێت:
هەمیشە لە پەناتدا دەمێنێتەوە
کە دەگەیت بە دوایین وێنە
خۆت دەبینیت
لە پەنای دەستی زۆر دا
دەیانەوێ بتخنکێنن
تا بڵێن:
تەنیایی
هەست نییە!
تەنیایی
واقعییەتە!

**یارییەکە دەستپێدەکات**

خۆر
خوێنە ڕژاوەکان
دەبات بۆ ئاسمان

قوماشە سوورەکان
دەگەن بەدەستی خوا و
زەویش دەسووڕێتەوە بە سەر شاخی گایەکەوە

شەڕ تەواو نەبووە، ماوێتی
بۆ بریندارکردنی دەستی ئەو ژنەی
لە بری نەوازشکردنی منداڵەکەی
جلی خەڵک دەشوات
شەقامیش گۆڕەپانی مینە
بۆ ئەو کچە چوارە ساڵانەی
کراسە کوڕانە جوانەکەی ناشارێتەوە

شەڕ بەردەوامە
لە دوایین بازنگی ژنێکی تەنیادا
شەڕ بەردەوامە

لەسەر سفرە
لە نان دا

عارەقێکی سارد
دەست لە نێوچاوانم هەڵناگرێت و
جەستەم دەلەرزێت
وەک ئەو باوکەی لە ترسی هاتنی سەربازانی
دوژمن بۆماڵەکەی
دوایین گوللەی بۆ کچەکەی هەڵگرتووە.

## پێشەکییەکی کورت

کاتێک چاو بە مێژووی ئەدەبیاتی ئێراندا دەگێڕین، دەبینین لە سەدەکانی کۆنەوە، لە قۆناغە جیاجیاکانی ئەو مێژووە ئەدەبییەدا، ئەدیبە کورد و تورک و ئەرمەن و تەبەری و عەرەبەکان لە ئێراندا، زۆربەی هەرە زۆریان بە زمانی فارسی نووسیویانە، زۆر کەم و دەگمەن بوون ئەوانەی کە بە زمانی دایکی خۆیان نووسیویانە. دیارە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری هەبووە کە دیارترینیان باڵادەستی زمانی فارسی بووە بەسەر زمانی کەمینەکانی تردا. لەگەڵ ئەوەی لە هیچ قۆناغێکی مێژووی ئێراندا نووسین بە زمانی دایکی قەدەغە نەبووە تا ئەمڕۆش کە دەیان حەفتەنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر و خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئەرمەنی و تەبەری لە ئێراندا کاردەکەن و چالاکن، بەڵام هێشتا نووسین بە زمانی فارسی باڵادەستترینە، ئەو نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و شاعیرانەی بە زمانەکانی دایکیان دەنووسن ژمارەیان کەمە! لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەویدا ڕێژەی ئەو کەسانەی بەزمانی دایک دەیاننووسی، لە تاک و تەرا و لە هیچەوە نزیک بوون، بەڵام دواتر ژمارەیان لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شای کوڕدا زیاتر دەبێت، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩ز) ڕێژەکە ڕوو لە زۆربوون دەبێت و زیاتر گەشە دەکات، نەک تەنیا ژانرە ئەدەبییەکان، بەڵکوو تاڕادەیەک بوارە زانستی و هونەرییەکانیش دەگرێتەوە.

ڕێژەی نووسین بە زمانی کوردییش لە نووسین بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی و تەبەری و ئەرمەنی زۆر زیاتر دەبێت و گەشە و پێشکەوتنی زۆر بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە گشتی و بەرفراوان و هەمەچەشنەی هاتووەتە ئاراوە، لەوانە ئامرازەکانی پێوەندی و تەکنۆلۆژیای نوێ و ئامرازەکانی فێربوون و بوونی دەیان ئەکادیمیا و فێرگەی فێربوونی زمانی دایک و ژمارەیەک بڵاوکراوەی زۆر بە زمانی دایک و کرانەوەی زیاتر بەڕووی دنیادا، بەڵام هێشتا زۆربەی زۆری ئەهلی ئەندێشە و قەڵەمی کەمینەکانی ئێران بە زمانی فارسی دەنووسن و بە زمانی دایک نانووسن! ژمارەی ئەو نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ و لێکۆڵەرە کوردانەی ئەمڕۆ بە فارسی دەنووسن، زۆر زیاترە لە و ژمارەیەی لە ڕابوردوودا، بەتایبەتی لە سەدەی پێشوودا بە فارسی نووسیویانە.

ئەبولقاسمی لاهووتی پێش نیما یوشیج، نوێگەرایی لە شیعری فارسیدا کرد، خۆی کورد بوو، کوردیشی دەزانی، بەڵام بە فارسی دەینووسی. لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش زۆر شاعیر و نووسەری گەورە و هەڵکەوتوومان هەیە بە فارسی دەنووسن، هۆکار و خەسارەکانی ئەم پرسە زۆر گەورە و بەرفراوانە، پێویستی بە ڕامان و هەڵسەنگاندنی زۆر هەمەچەشن و هەمەلایەن هەیە و لەم پێشەکییە کورتەدا جێگەی نابێتەوە و لە کاتێکی تردا بە وردی دەگەڕێمەوە سەری.

ئەم کتێبەی بەردەستتان (منداڵیم بدەنەوە)، هەڵبژاردەیەکە لە شیعری موحسین حسەینخانی کە یەکێکە لەو شاعیرە لاو و هەڵکەوتوانەی کورد کە بە فارسی دەنووسێت. موحسین حسەینخانی ۱۹۸۸/٤/۱ لە شاری هەرسینی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. لە منداڵی و مێرمنداڵییەوە دەستی بە خوێندنەوەی ئەدەبیات کردووە و لە تەمەنێکی کەمەوە هۆگری شیعر و بە شێوەیەکی گشتی ئەدەبیات بووە، لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە دەستی بە شیعرنووسین کردووە. تا ئێستا هەشت کتێبی چاپ کردووە. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی مروارید، کە یەکێکە لە گەورەترین و باشترین خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئێراندا و بەرهەمەکانی نیما یوشیج، ئەحمەد شاملوو، فرووغ فەرۆخ زاد و بیژەن جەلالی و زۆربەی شاعیرە گەورەکانی ئێرانی چاپ کردووە، زۆربەی بەرهەمەکانی موحسین حسەینخانی چاپ و بڵاوکردووەتەوە . بەرهەمەکانی لەلایەن خوێنەران و ڕەخنەگرانەوە پێشوازی زۆریان لێ کراوە و چەندان جار چاپ کراونەتەوە. ساڵی (۲۰۱۰) یەکەم کتێبی بە ناوونیشانی (منداڵیم بدەنەوە) چاپ دەکات، ساڵی (۲۰۱۱) (ئەم عاشقە بچووکانە ڕۆژێک گەورە دەبن)، (باران دوای ڕۆیشتنت خۆش ناکات)، (تەنیا مەرگ دەژی)، (چیا دەنگم ناداتەوە)، لە دیارترین کتێبەکانی ئەم شاعیرە لاوەن.

موحسین حسەینخانی لەو شاعیرە لاوانەیە کە لە دەرەوەی خوێندنەوە و هەوڵ و توانایی دەروونی و زاتییەکانی خۆی، بەردەوام لە گەڕاندا بووە بۆ گەیشتن بەڕێگەی نوێ و مامۆستای نوێ تا زیاتر فێربێت و ئەزموون و زانست و زانیاری نوێ بەدەست بهێنێت. ماوەی چەند ساڵێک دێتە تاران و دەچێتە ناوەندی کارنامە، کە یەکێکە لە باشترین ناوەندەکانی پەروەردە و فێربوونی ژانرە ئەدەبی و هونەری و ڕێبازە فەلسەفییەکان بە سەرجەم لق و بەشەکانیانەوە، لەوێ دەبێتە فێرخوازی شاعیر و ڕەخنەگری گەورەی ئێران، ماوەی چەند ساڵێک لەلای حافز مووسەوی لە وەرشەکەیدا ئەزموونی زیاتر بەدەست دەهێنێت و قۆناغێکی نوێ لە ئەزموونی کار و نووسینی دەست پێ دەکات. تا ئێستا زۆر لە ڕەخنەگران و شاعیرانی دیاری ئێران نووسینیان دەربارەی ئەم شاعیرە لاوەی کورد نووسیوە و ستایشی شیعرەکانیان کردووە و هیوای ئایندەیەکی گەش و ڕووناکیان بۆ خواستووە. هیوادارم ئەم چەند شیعرەی شاعیری لاوی کوردی کرماشان ، موحسین حسەینخانی بتوانێت جێگەی خۆی لە ناو دڵی خوێنەران و عاشقانی شیعری نوێ لە کوردستاندا بکاتەوە.

*** موحسین حسەینخانی دەنگێکی شاعیرانی کوردی فارسی نووس.**

**سەرچاوە:**

**١ - تنها مرگ زندگی می کند، نشر فصل پنجم، ۱۳۹٦.**

**۲ - یورتمه در دشت دلتنگی، نشر مروارید، ۱٤۰۰، چاپ دوم ۱٤۰۱.**

**۳ - کوه صدایم را پس نمی دهد، نشر مروارید، ۱٤۰۲، چاپ دوم ۱٤۰۳.**